# جەنگی حەماس و ئیسرائیل و لێکەوتەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا

**نەوزاد هێتوتی،** دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد_زانکۆی لێستەر_بەریتانیا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەلاحەددین

### پێشەکی

هێرشی لەناکاوی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە 7 ئۆکتۆبەری 2023 کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە. هەر لە دوای هێرشەکە، ئیسرائیل حاڵەتی جەنگی ڕاگەیاند و ئەمەیش یەکەم جار بوو لە دوای ساڵی 1973 بەفەرمی تەلئەبیب ڕادەگەیەنێت کە لە حاڵەتی جەنگدایە. لە ڕاستیدا هێرشە لەناکاوەکەی حەماس زۆر پرسیاری ورووژاندووە سەبارەت بەوەی بۆچی ئەم هێرشە لەم کاتەدا ئەنجام دراوە؟ هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی چین؟ دەتوانین بڵێین کە ئەو هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییانەی کە وای کرد حەماس ئەم هێرشە ئەنجام بدات، خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

- تێکدانی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، یەکێك بووە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ئەم هێرشەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل. دیارە لە دوای ڕێککەوتنی کامپ دیڤید ساڵی 1979 کە پەیوەندیی نێوان میسر و ئیسرائیل ئاسایی بووەوە و دوای ئەوەیش ئوردن ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد، لە ساڵی 2020 ڕێککەوتنی Abraham Accords واژۆ کرا کە ئیمارات و بەحرێن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردەوە. دواتر سوودان و مەغریبیش هەمان هەنگاویان هاوێشت. ئەوەی جێگەی سەرنج بووە ئەوەیە کە، لەم ساڵەدا بە یارمەتیی ئەمریکا هەوڵەکان چڕ کرابوونەوە لەسەر ئەوەی سعوودیا و ئیسرائیل پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە. بێ گومان ئەم پەرەسەندنە سیاسییانە و ئاساییبوونی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، جێگەی نیگەرانیی حەماس و ئێران بووە. بەتایبەت ئێران پێی وا بووە کە ئەم هەنگاوەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە لەسەر پێگە و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا. بۆیە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە، تێکدانی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی بووە لەگەڵ ئیسرائیل.
- یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە ئەوە بووە کە، ئەو پەیامە بە هەموو لایەك بدرێت کە بێ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین، دەوڵەتانی عەرەبی نابێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە. واتە چارەسەری کێشەی فەڵەستین، دەبێت لە پێش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل بێت. بەتایبەت یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە لەم ماوەیەدا بەردەوام جێگەی مشتومڕ بووە سەبارەت پەیوەندییەکانی عەرەب و ئیسرائیل، ئەوە بووە کە ئایا بەبێ چارەسەری پرسی فەڵەستین، دەوڵەتانی عەرەبی دەتوانن پەیوەندییەکانیان

لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە یان نا؟ بێ گومان یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم هێرشانەیش ئەوە بووە کە گوشار لەسەر دەوڵەتانی عەرەبی دروست بکرێت بۆ ئەوەی خۆیان لە ئیسرائیل دوور بخەنەوە و گرنگیی زیاتر بە پرسی فەڵەستین بدەن.

- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هێرشەکەی حەماس، پەیوەندیی بە دووبارە زیندووکردنەوەی پرسی فەڵەستینەوە هەیە لەسەر ئاستی ڕای گشتیی عەرەبی و جیهانی. ئەمەیش لەو ڕوانگەیەوە کە پرسی فەڵەستین یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکان و، دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. بەتایبەت دوای بەهاری عەرەبی و جەنگی ئۆکراینا و ململانێی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا، خەریك بوو پرسی فەڵەستین لەبیر بکرێت. هەروەها حەماس لە ڕێگەی ئەم هێرشانەوە مەبەستی بووە پێگەی خۆی زیاتر لە هاوکێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلدا بەهێز بکات و وای پیشان بدات کە تاکە لایەنە دەتوانێت ببێتە نوێنەری فەڵەستینییەکان و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی فەڵەستین بکات. بەتایبەت کە ماوەیەك بوو حەماس پەراوێز خرابوو و کەس حسابی بۆ نەدەکرد؛ بەتایبەت دوای بەهاری عەرەبی و شکستی گرووپە ئیسلامییە سوننییەکان لە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتیش ڕەوتی ئیخوانەکان لە میسر و وڵاتانی تردا.
- بێ گومان یەکێکی تر لە فاکتەرەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە حساباتی ئێرانەوە هەبووە؛ ئێران بەدڵنیاییەوە هانی حەماسی داوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. تەنانەت زۆر بەڵگە هەن کە پێش هێرشەکە، لە لوبنان کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان ئێران و بەرپرسانی حەماس کراوە و، پێ دەچێت هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری هێرشکردنە سەر ئیسرائیل درابێت. ئەمەیش بۆ ئەوەی ئێران چەند مەسیجێکی گرنگ بە ئیسرائیل بدات: **یەکەم**، تۆڵەی خۆی بکاتەوە لەو هێرشانەی، کە ئیسرائیل بەبەردەوامی دەکاتە سەر پێگەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە سووریا و تەنانەت ناوخۆی ئێرانیش. **دووەم**، ئێران مەبەستی بووە بە ئیسرائیل بڵێت، هەر کاتێك مەبەستی بێت لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل و لەم ڕووەوە کارتی بەهێزی لەدەستدا هەیە. **سێیەم**، پەیامەکە بۆ دەوڵەتانی عەرەبییش ئەوە بووە کە پێیان بڵێت، ئێران کارتی فەڵەستینی لەدەستدایە و دەتوانێت هەموو کات دژیان بەکار بهێنێت؛ بەتایبەت ئێران لەوە دەترسا کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، لەسەر حسابی ئێران بێت.

**جەنگی حەماس و ئیسرائیل و سیناریۆ جیاوازەکان**

- سیناریۆی یەکەم، جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە هێرشی سەربازی بۆ سەر کەرتی غەززە سنووردار دەبێت و ئیسرائیل بەشێکی کەرتی غەززە داگیر بکات، بەتایبەتی بەشی باکووری لەگەڵ سەنتەری شاری غەززە (ئێستایش هێرشە زەمینی و ئاسمانییەکانی ئیسرائیل زیاتر لەم بەشەدا چڕ بوونەتەوە)، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا دەسەڵاتی حەماس هەر دەمێنێتەوە. کەواتە لە حاڵەتێکی وەهادا ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی، بەشداریی جەنگەکە ناکەن. ئەگەر ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا بڕۆن، گۆڕانکاریی گەورە لە هاوکێشە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ململانێی فەڵەستین و ئیسرائیل، هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕوو نادەن، چونکە جەنگەکە سنووردار دەبێت. بەڵام، بە خوێندنەوەی وردی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان و ئەوەی ئیسرائیلییەکان دەیڵێن، ئەم سیناریۆیە زۆر لاوازە؛ ئەم جارە هێرشەکەی ئیسرائیل مەبەستی هەرە سەرەکیی، داگیرکردنی

تەواوی کەرتی غەززە و لەناوبردنی یەکجارەکیی حەماسە.

- بەپێی ئەم سیناریۆیە ئیسرائیل کەرتی غەززە بەتەواوەتی داگیر دەکات و کۆتایی بە دەسەڵاتی حەماس دەهێنێت. ئەمە یەکێکە لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکان. لێرەدا یەکێك لەو ئەگەرانە لەو حاڵەتەدا ئەوەیە، ئێران و هێزە پرۆکسییەکان- تەنانەت ئەگەر کەرتی غەززەیش داگیر بکرێت-، بەهۆی زۆر هۆکار- لەوانەیش ترس لە ئەمریکا- بەرەیەکی تری جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل ناکەنەوە. لە حاڵەتێکی وەهادا بێ گومان کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوو دەدەن لەوانە: **یەکەم،** هاوکێشەی سیاسی لە فەڵەستین گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و دەبێتە هۆی زیاتر بەهێزبوونی دەسەڵاتی "مەحموود عەباس" لە فەڵەستین. **دووەم،** دەوڵەتە عەرەبییەکان دووبارە پێگەیان لە پرسی فەڵەستین بەهێز دەبێت و کاریگەریی زیاتریان دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی فەڵەستین و ئیسرائیل. **سێیەم،** ئێران و هاوپەیمانەکانی بە لەناوچوونی حەماس، "کارتی فەڵەستین" لەدەست دەدەن و تووشی شکستێکی سیاسی و جەماوەریی گەورە دەبن؛ بەتایبەت حەماس، یەکێکە لە کارتە هەرە بەهێزەکان کە لە پرسی فەڵەستینیدا ئێران گەمەی پێ دەکات و تەنانەت دژی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بەکاری دەهێنێت. **چوارەم،** دوای نەمانی حەماس و، بەهێزبوونی بزووتنەوەی فەتح بە سەرۆکایەتیی مەحموود عەباس، پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل لە لایەك و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل، زیاتر دەچێتە پێشەوە. **پێنجەم،** دەکرێت ئەم سیناریۆیە کاریگەریی خراپ بکاتە سەر پێگەی ئێران و گرووپە میلیشیاکان لە سووریا و عێراقیشدا.
- لەم سیناریۆیەدا جەنگەکە فراوان دەبێت و دەبێتە جەنگێکی هەرێمی و؛ ئەمریکا و ئێران بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانیانەوە بەشداریی جەنگەکە دەکەن. واتە لەم سیناریۆیەدا کاتێك ئێران و هاوپەیمانەکانی بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ئیسرائیل نییەتی داگیرکردنی کەرتی غەززەی هەیە و مەبەستیەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی حەماس بهێنێت، لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانیانەوە، بەتایبەت حزبوڵڵا و هێزە چەکدارەکانی لە سووریا، بەشداریی جەنگەکە دەکەن. تایبەتمەندییەکانی ئەم سیناریۆیە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە: **یەکەم،** هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە سووریا، عێراق و لوبنان و یەمەن بەشداریی جەنگەکە دەکەن؛ هەرچەندە بەشێك لەم هێزانە، بەتایبەت حووسییەکان، بەفەرمی جەنگیان لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاندووە. **دووەم،** ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا بۆ پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل، گورزی سەربازی لە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران دەدەن. **سێیەم،** ئێران ڕاستەوخۆ بەشداریی جەنگەکە ناکات، بەڵام ئەگەر لەلایەن ئیسرائیل یان ئەمریکاوە بکرێتە ئامانج، بێ گومان بەشداریی جەنگەکە دەکات. **چوارەم،** هەرچەندە هەر لە ئێستاوە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران هێرشەکانیان بۆ سەر پێگەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا دەست پێ کردووە، بەڵام بە فراوانبوونی بازنەی جەنگەکە میلیشیا شیعەکان هێرشەکانیان دژی ئەمریکا چڕتر دەکەنەوە و ئامانجی سەرەکییان ئەوە دەبێت کە ئەمریکا لە عێراق دەربکەن. **پێنجەم،** ئەگەر عێراق بخزێنرێتە ناو جەنگەکەوە، دەبێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیی عێراق و لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی و، ئەو حکوومەتەی ئێستا لە بەغدا هەیە ئەگەری زۆرە بڕووخێت.

**پاڵپشتیی بێسنووری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل**

- ئەمریکا هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئیسرائیل مافی بەرپەرچدانەوە و بەرگریکردن لە خۆی هەیە. لەم ڕووەوە، بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتیی ئیسرائیل دەکات.
- ئەمریکا لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و لە ناوەندە گرنگەکانی جیهان، بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، بەتەواوەتی پاڵپشتیی ئیسرائیل دەکات. لە لایەکی تریشەوە، ئەمریکا دەستی کردووە بە ناردنی یارمەتیی سەربازی بۆ هێزەکانی ئیسرائیل. هەروەها پێنتاگۆن هێزی زیاتری سەربازیی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە، لەوانەیش کەشتی و فڕۆکەی جەنگی و مووشەکی تۆماهۆك وەك ئاماژەیەك بۆ پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل و ڕێگەگرتن لە بەشداریی حزبوڵڵا لە جەنگەکەدا.
- سیاسەتی ئەمریکا لەم قۆناغەدا زیاتر سیاسەتی ترساندنە، واتە deterrence policy کە مەبەست لەم سیاسەتە سەربازییە ئەوەیە، پەیامێکی ڕاستەوخۆ بداتە ئێران و هاوپەیمانەکانی کە لە حاڵەتی فراوانبوونی جەنگەکە یان دەستێوەردانی ئێران، سووریا یان تەنانەت حزبوڵڵای لوبنانی دژی ئیسرائیل، ئەوکات ئەمریکا ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی ئیسرائیل دەکات و دێتە ناو جەنگەکە و، بەتایبەت لە ڕووی هەواییەوە پاڵپشتیی تەواوی ئیسرائیل دەکات. بەڵام وەك ئاماژەمان پێ کرد، ئەمریکا لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا نییە و حەز ناکات جەنگەکە فراوان ببێت. تاکوو ئێستایش ئەمریکا ڕاستەوخۆ ئێرانی تۆمەتبار نەکردووە کە لە پاڵ ئەم هێرشانەدا بێت. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ڕاپۆرتی _wall street Journal ئێران پلانداڕێژەری سەرەکیی ئەم هێرشەی حەماس بووە بۆ سەر ئیسرائیل.
- ئەمریکا لە کاتی قەیرانەکەوە تاکوو ئێستا، مەبەستیەتی زیاتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکاتەوە کە پرسی حەماس شتێکە و پرسی فەڵەستین شتێکی ترە و، نابێت تێکەڵاو بکرین. واتە ئەمریکا هەوڵ دەدات وای پیشان بدات، ئەم دوو پرسە لێکجیاوازن. بۆیە ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەگەڵ مافی فەڵەستینییەکانە و لەگەڵ ئەوەیە فەڵەستینیەکان دەوڵەتی خۆیان هەبێت، بەڵام حەماس نوێنەرایەتیی فەڵەستینییەیان ناکات و گرووپێکی تیرۆریستییە.
- ئەمریکا هەوڵەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی بەو ئاراستەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل تێك نەچێت و ئەم جەنگە کاریگەری نەکاتە سەر سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بەرامبەر ئیسرائیل.

### هەڵوێستی هێزە شیعە عێراقییەکان بەرامبەر پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل

یەکێك لە مەترسییەکانی جەنگی حەماس و ئیسرائیل ئەوەیە کە عێراقیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بخزێنرێتە نێو ململانێکەوە؛ بەتایبەت کە هێزە شیعەکان پاڵپشتیی حەماس دەکەن لە جەنگی دژی ئیسرائیل. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، لە لایەك حکوومەتی سوودانی زیاتر هەوڵ دەدات هاوسەنگییەك لە نێوان ئێران و ئەمریکادا ڕابگرێت و ڕێگە بگرێت لەوەی لە عێراقدا هێرش بکرێتە سەر پێگە و بەرژوەندییەکانی ئەمریکا؛ لە لایەکی تریشەوە، هێزە پرۆکسییەکانی ئێران زۆر بەتوندی دژایەتیی ئەمریکا دەکەن. بێ گومان ئەم هەڵوێستەی هێزە شیعەکان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی سیاسەت و ئەجێنداکانی ئێراندایە. لەم ڕووەوە، لەگەڵ پەرەسەندنەکانی جەنگی حەماس و ئیسرائیل و هێرشی زەمینی بۆ سەر کەرتی غەززە و گوشارە بێئەنجامەکانی ئێران بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە، لە عێراقیش گوشارەکان بۆ سەر

ئەمریکا، لە هەردوو ڕووی سیاسی و سەربازییەوە دەستی پێ کردووە. دیارە مەبەستی هەرە سەرەکی لەم گوشارانەیش ئەوەیە کە، ئەمریکا ئیسرائیل ناچار بکات تاکوو جەنگەکە ڕابگرێت. لە ڕووی سیاسییەوە ئەگەر سەیری لێدوانەکانی زۆربەی هێزە شیعەکان بکەین، زۆربەیان بەو ئاراستەیەن کە پاڵپشتیی حەماس دەکەن و دژایەتیی خۆیان بۆ سیاسەتی ئەمریکا ڕادەگەیەنن.

لەم ڕووەوە، لە 4ی نۆڤەمبەری 2023، واتە ڕۆژێك پێش سەردانەکەی ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق، ئەبو عەلی عەسکەری فەرماندەی سەربازیی حزبوڵڵا لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە بەتوندی دژایەتیی سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکەن بۆ عێراق. هەروەها هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەم جارە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەنە ئامانج، بەتایبەت ئەگەر جەنگی غەززە ڕانەگیرێت. هەروەها داوای کرد بە زووترین کات باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق دابخرێت و هەڕەشەی ئەوەیشی کرد کە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ڕووی سەربازییەوە دەکەنە ئامانج. بە هەمان شێوەیش، ئەکرەم کەعبی سەرۆکی بزووتنەوەی نوجەبا لە عێراق دوای ڕۆژێك لە ڕاگەیاندنەکەی حووسییەکان لە چوونە بەرەی جەنگ دژی ئیسرائیل و ئەمریکا، ئەوانیش بانگەوازی شەڕیان کرد لە دژی ئەمریکا. لەم ڕووەوە، لە 11ی نۆڤەمبەری 2023 ئەکرەم کەعبی ڕای گەیاند کە بەرەی موقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق، کە زۆربەی گرووپە میلیشیاکان دەگرێتە خۆ، بڕیاریان داوە کە عێراق لە ڕووی سەربازییەوە سەرلەنوێ ئازاد بکەنەوە و هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکەن. هەروەها داوای کرد بە زووترین کات باڵوێزخانەی ئەمریکا دابخرێت و جەختیان لەسەر ئەو خاڵە کردەوە کە لەمەودوا هێرش دەکەنە سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا.

بە هەمان شێوەیش، هادی عامری سەرۆکی لیستی فەتح هەڕەشەی توندی لە ئەمریکا کرد و ڕای گەیاند، بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتیی فەڵەستینییەکان دەکات و ڕزگارکردنی فەڵەستینیش لە ڕێگەی عێراقەوە دەبێت. هەروەها ڕای گەیاند کە پرسی فەڵەستین، پرسی هەموو هێزەکانی بەرەی موقاوەمەیە. هەروەها داوای کرد کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکرێن و ڕای گەیاند، ئەگەر ئەمریکا بچێتە کەرتی غەززە، بێ گومان ئێمەیش گورزی سەربازی لە ئەمریکا دەوەشێنین. بە هەمان ئاراستەیش، 27ی ئۆکتۆبەری 2023 سەدر لە ڕێگەی "تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس" (تویتەری پێشوو)ەوە هێرشی توندی کردە سەر ئەمریکا بەهۆی پاڵپشتییەکانی بۆ ئیسرائیل. لەم ڕووەوە، سەدر دوای لە حکوومەتی عێراق کرد بەهۆی پاڵپشتیی بێسنووری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، باڵوێزخانەکەی لە عێراق دابخرێت.

بێ گومان لێدوانەکانی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە بڕیاری فەرمیی حکوومەتی عێراقەوە نییە و لەژێر فەرمان و ئەجێندای ئێراندا سیاسەت دەکەن و، دووریش نییە عێراق بخزێننە نێو بازنەی جەنگی ئیسرائیل و حەماسەوە. بەتایبەت ئەم هێزە پرۆکسییانە لە ڕووی سەربازییشەوە هێرشەکانیان لە دژی پێگەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا زیاتر و چڕتر کردووە؛ بەتایبەت لەو کاتەی جەنگی حەماس و ئیسرائیل دەستی پێ کردووە، زیاتر لە 60 هێرشی سەربازی بە مووشەك و درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) کراونەتە سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا. ئەمەیش مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، ئەگەر ئەم هێرشانە بەردەوام بن، عێراق بچێتە ناو جەنگەکەوە، بەتایبەت ئەگەر بازنەی جەنگەکە فراوان ببێت. ئەوەی دیارە ئەمریکا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هێرشانە، تاکوو ئێستا دوو جار هێرشی سەربازیی کردۆتە سەر هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە سووریادا.

**پەیامەکانی ئەمریکا بۆ هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق و سووریا**

دیارە هەوڵەکانی ئەمریکا لە نێوەندی جەنگی حەماس و ئیسرائیل ئەوەیە بازنەی جەنگەکە فراوان نەبێت و بەتایبەتیش عێراق نەبێتە بەشێك لەو جەنگە. وەك ئاماژەمان پێ کرد هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا و، یەکێك لەو خاڵانەی زۆر پێداگیری لەسەر دەکەن پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراقدا. بەڵام پێ ناچێت لەم بارودۆخەدا ــ تەنانەت گوشارەکان چەند زۆر بن ــ ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە. بەتایبەت کشانەوەی ئەمریکا زیانێکی گەورە بە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت و شکستێکی گەورە دەبێت بۆ ئیدارەی بایدن، بەتایبەت کە ساڵی داهاتوو لە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردندایە. لەبیرمان نەچێت، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر لاوازکردنی پێگە و متمانەی ئەمریکا لای هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا؛ ئەمە بەدەر لەوەی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ ئێران و هاوپەیمانەکانی و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی نەیارەکانی ئەمریکا، بەتایبەت چین و ڕووسیا لە ناوچەکەدا.

هەر بۆیەیش ئەمریکا لە ئێستادا گرنگییەکی زۆر بە پرسی عێراق دەدات و نایەوێت بەو ئاسانییە بۆ ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی بەجێی بهێڵێت و واشینتۆن هەوڵ دەدات لە عێراقدا سەقامگیری هەبێت و نەبێتە بەشێك لەو جەنگەی لە کەرتی غەززە هەیە. هەر بۆیە، لە 5ی نۆڤەمبەری 2023 ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی بەغدای کرد و ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوودانی کۆ بووەوە. لەم سەردانەدا چوار پەیامی گرنگی دایە بەغدا: **یەکەم،** بلینکن زۆر ڕاشکاوانە بە حکوومەتی عێراقی ڕاگەیاندووە کە دەبێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت لە ڕێگریکردن لە گرووپە میلیشیاکان لە هێرشکردنە سەر بنکە سەبازییەکانی ئەمریکا و، دەبێت ڕێگرییان لی بکات. لەم ڕووەوە بلینکن ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو هەڕەشانەی لەلایەن گرووپەکانی نزیک لە ئێرانەوە دەکرێن، بەتەواوەتی قبووڵنەکراون. **دووەم،** ئەمریکا بەرامبەر هێرشکردنە سەر بەرژەوەندی و بنکە سەربازییەکانی، بێدەنگ نابێت. لەم ڕووەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەگەر هێرشەکان بەردەوام بن، ئەمریکا ڕاستەوخۆ گرووپە میلیشیاکان دەکاتە ئامانج و ڕووبەڕووی گورزی سەربازی دەبنەوە.

**سێیەم،** خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوە بووە کە هانی حکوومەتی عێراق داوە کە ڕێگە لە گرووپە میلیشیاکان بگرێت لەوەی بە مووشەك و درۆن لە ڕێگەی عێراقەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و، دەبێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت. **چوارەم،** بلینکن جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ ئەوەدان کە بازنەی جەنگەکەی غەززە فراوان نەبێت؛ بەڵام ئەگەر ئێران یان هاوپەیمانەکانی بەرەیەکی تری جەنگ بکەنەوە، ڕاستەوخۆ لە ئێران دەدەن. لەم ڕووەوە، ئەنتۆنی بلینکن لە سەرەدانەکەیدا بۆ بەغدا ئاماژەی بەوە کرد کە نایانەوێت لەگەڵ ئێران ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبێت، بەڵام هەموو ڕێکارێک بۆ پاراستنی هێزەکانیان و هاووڵاتیانیان دەگرنە بەر. لە هەموو ئەوەی گوتمان، دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە عێراق دەمێکە بۆتە مەیدانی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و، ئەمەیش کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتە سەر سەقامگیریی سیاسی لەم وڵاتەدا. هەروەها جەنگی غەززە بێ گومان کاریگەریی هەیە و دەبێت لەسەر ئاراستەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا؛ بەتایبەت ئەم جارە بەهۆی جەنگی ئۆکراینا و پاڵپشتیی ئەمریکا لەو وڵاتە، ڕووسیا لە بەرامبەردا زیاتر پاڵپشتیی ئێران و هاوپەیمانەکانی دەکات و زیاتر هانیان دەدات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە.